# کەینێ زمانی کوردی لەعێراقدا دەبێتە فەرمی؟



**چنار نامق**
chnarnamq@yahoo.com

✿وەک ئاشکرایە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەلایەن ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایییەوە پەسەند کرا ئەمەش هیوایەکی زیاتری بەخشیە عێراقییەکان بەگشتی و کورد بە تایبەتی خۆشحاڵی و ئاسوودەیی خۆی بەرامبەر بەم یاسایە دەربڕی ئەگەر چی تەواوی خواستەکانی تێیدا بەرجەستە نەبووبوو ئەمەش پاش ئەو جەوروستەمەی کەرژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەبەرامبەر نەتەوەکەمان ئەنجامیان دەدا، سەرەتاییترین مافی ژیانی پێی ڕەوا نەدەبینین ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پرانسیپەکانێتی.

داڕشتنی دەستوری کاتی عێراق و ئیمزا کردنی لە ئەنجوومەنی حوکمەوە گوڕوتین و ئاسوودەییەکی بەرچاوی خستەنێو شەقامی کوردیەوە و هیوایەکی مەزنی خستە دەروونی تاکی کوردی لەجیهاندا، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانەی ئێمەی کوردە تاکو ئەمڕۆ ئەم یاسایە پراکتیزە نەکراوەو هاوکێشەکان بەچەشنی خۆیان ماونەتەوە و کەسیش باس لەوە ناکات بۆچی تا ئێستا زمانی کوردی نەچۆتە نێو دامو دەزگاکانی حکومەتەوە ئەوەی لە دەستوردەکەدا هاتووە پۆ پیادە ناکرێت؟ ئایا کەمتەرخەمی لەکێوەیە؟ بێگومان کەمتەرخەمی ناگەڕێتەوە بۆ ئێمەی کورد چونکە یەکەمین کەس کەلە ئەنجوومەنی حوکم تێکۆشا بۆ بە فەرمی کردنی زمانی کوردی بەرێز «مەسعود بارزانی» بوو کەلە مەراسیمی ئیمزا کردنی دەستوری کاتیدا بەکوردی پیرۆزبایی لەجەماوەری کوردستان کرد، ئەمەش بۆ خۆی بێ حیکمەت نەبوو، گەلی کورد گەلێکی مەزنە نەک کەمینە لەعێراقدا.

ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ هاتۆتە دی بە خەبات و قوربانیدان و هاوپەیمانێتی کوردەوە چەسپاوە و بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێت.

ئەو گەلەی خاوەن قوڵترین برینی ئەنفال و کسپە و سوتانی کیمیاباران و کۆمەڵ کوژی و هەزاران گۆڕغەریبە. دەکرێت ئەرکی هاوپەیمانان جگە لەتێکۆشان بۆ بەدیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی عێراق هەڵوێست نواندن بێت بەرامبەر بەو هاوپەیمانێتییە لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا لەکاتی پڕۆسەی ئازادی عێراقدا ئەو دەمانەی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی بەرگری و هاوپەیمانێتیدا بوون بۆ ڕووخانی ڕژێمی فاشیزمی بەعس، ئەو دەم دەوڵەتانی دراوسێ بەهاوپەیمانەکانی خودی ئەمەریکاشەوە نەک هاوکارنەبوون بەڵکو قایل نەبوون ئاسمانیان بەرووی فڕۆکەکاندا والابکەن، بەڵام سەرکردایەتی کوردی بەهەڵوێست و گیانێکی لە خۆبوردوانەوە کۆششی کرد بۆسەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە کە خۆی لەئازادکردنی هەموو عێراقدا دەبینیەوە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بۆیە ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین پێ لەسەر داواکاریەکانمان داگرین و جەخت بکەین بۆ ئەوەی ئەم یاسایە ببێتە بنەمایەک بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق ئەگەرچی ئەم یاسایە لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەهیچ جۆرێک ئاماژەی پێنەکرا بەڵام پاش نیگەرانی شەقامی کوردی هەریەک لە کاربەدەستانی ئەمەریکاو بەریتانیا کوردیان لەوە دڵنیا کردەوە کە ڕۆڵی کارای دەبێت لەعێراقی داهاتوودا، غازی عەجیل ئەلیاوەری سەرۆک کۆمارو «ئەیاد عەلاوی» سەرۆک وەزیران پابەند بوونی خۆیان بە دەستوری کاتی عێراق دووپات کردەوە بۆ قۆناغی گواستنەوە.

لێرەدا پێویستە چینە ڕۆشنبیرو ئاگایانی بواری سیاسی پتر ڕۆڵی خۆیان دیار بکەن لە وشیار کردنەوەی جەماوەر و هاندانیان بۆ پێداگرتن لەسەر ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە کوردەوە بە تایبەت بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا.■